چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ سوننەکان: یەک هەفتە مەهڵەتتان هەیە پرسی سەرکی پەرلەمان یەکلایی بکەنەوە



لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ئێوارەی ئەمڕۆ دوشەممە لەکێبونەوەیاندا، ماوەی هەفتەیەکیان بۆ لایەنە سوننیەکان دیاریکرد بەمەبەستی دیاریکردنی جێگرەوەی محەمەد حەلبوسی بۆ پۆستی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

ڕاگەیاندنی چوارچێوەی هەماهەنگی لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، "چوارچێوەی هەماهەنگی 191ەمین کێبونەوەی ئاسایی خۆی لە نوسینگەی نوری مالیکی سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا ئەنجامدا، بەمەبەستی تاوتوێکردنی دواین بابەتەکان پێشهاتە سیاسییەکانی وڵات، دیارترینیان بڕیاری هەڵبژاردنی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران بو".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "چوارچێوەی هەماهەنگی داوا لە کوتلەی سوننەکان دەکات لە ماوەی هەفتەیەکدا بەرپرسیارێتی خۆیان سەبارەت بە بەتاڵی پۆستی سەرکی پەرلەمان لە سیستەمی سیاسی هەڵبگرن و کاندیدێك بۆئەو مەبەستە دیاری بکەن".

چوارچێوەی هەماهەنگی ڕایگەیاندوە، سورن لەسەر ئەنجامدانی دانیشتنێکی تایبەت بە هەڵبژاردنی سەرکێکی نوێ بۆ پەرلەمان لە دوای کۆتایی هاتنی ماوەی ئەو هەفتەیەی

دیاریکراوە، ئامانجیش لێی ئامادەکاریە بۆ دەنگدان لەسەر خشتەی بودجەی ساڵی 2024".